# شەونم

## هۆنراوەی (11)

خم زلف تو دام کفر و دین است

گرێی زولفت کە داوی کفر و دینە
لە شیرینکاری کارخانەی ئەوینە
بە سەرحەددی کەماڵ گەیوە جەماڵت
کە سیحریشت دەوێ نازی ببینە
لە وێ چاوی رەشت سەد ئافەرین بێ
کە بۆ عاشق کوژی سیحرئافەرینە
عەجەب عیلمێکە عیلمی هەیئەتی عیشق
کە چەرخی حەوتەمی حەوتەم زەمینە
بە ساغی دەردەچێ پێت وایە بەدگۆ
حیسابی   لای   کرام الکاتبینە
چلۆن گیان دەربەرم لەو چاوی مەستت
کە دایم بەو کەمانەی لێم کەمینە
لە مەکری زولفی ئەو خۆ لادە حافز
دڵی بردی و خەریکی بەندی دینە

**حافزی حەقیقی**